# وەک چۆن هیچ دینێک ناتوانێت بێ خودا بژی،
# ئاواش هیچ ئەدەبێک ناتوانێت بێ ئینسان بژی.

**گفتوگۆیەک لەگەڵ هیوا قادر**



**ئامادەکردنی: زمناکۆ بورهان قانع**



**زمناکۆ بورهان قانع: گەر سەرەتای دیدارەکەمان بە چوونە ناوە دنیای شیعری تۆ دەستپێبکەین، واهەستدەکەم کە خوێنەری جدی کاتێک کە قەسیدەکانی تۆ دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ پەلکێشدەکرێتە نێو جیهانێکی پڕ لە تەسەوف و لێوان لێو لە حاڵەتی عیرفانی، تۆ ئاشنای دەکەیت بە کۆمەڵێک موفرەدەی سەرنج ڕاکێش کە پێشتر شاعیرانی دی بەکاریان نەهێناوە یاخود نەیانتوانیوە وەک تۆ ئیش لەسەر تەسەوف و موناجات و عیرفان بکەن).. ئەم هەموو گرنگیدانەی تۆ بۆ ئەو جۆرە قوڵبوونەوەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دەکرێت پێمانبڵێیت هیوا قادر بەردەوام لەنێو تێکستەکانیدا وجودی هەیە وەک کارەکتەر؟ یان تەنها ڕۆڵی حیکایەتخوانێک دەبینێت؟**

**هیوا قادر:** شیعری من، دنیای خۆم و خەون و تەمەناکانی خۆمە، بۆ من گرنگ نییە لەدەرەوەی خۆم تۆ چۆن تەعریفی من دەکەیت، چونکە من تۆی خوێنەر لەگەڵ خۆمدا دەخەمە ناو بەشیعریکردنی دنیاوە، تۆ یا قبوڵم دەکەیت یان نا، ئیدی ئەوە تۆیت دواتر تەعریف بۆ من دادەنێیت لەڕێی تێگەیشتنی خۆت و خوێندنەوەی خۆتەوە بۆ شیعرەکانم، نەک من، چونکە کاری من ڕاکردنە لە هەموو چوارچێوە ڕامکراو و تەعریفکراوەکان، کاری من پێشاندانی جوانی و ناشیرینی نییە بۆ تۆی خوێنەر، کاری من ڕاکردنە وەک ئینسانێک لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیانەوێت ئینسان بوونی من لە کۆتایدا لە چوارچێوەیەکدا بەندبکەن و سنوور بۆ ئازادیی و تێڕوانینی من دابنێن، کاری من وەک شاعیرێک هەمیشە ڕەنجکێشانە لەناو هەمەدیووی زماندا، چونکە ئەو دیوەی کە من خۆمی تێدادەبیم و لەزەتی لێدەبینم لە شیعرێکدا، ڕەنگە هەمان ئەو دیوە نەبێت کە تۆ وەک خوێنەرێک خۆت و دنیای خۆتی تێدا دەبینیتەوە، **شیعر وەک چوونە ناو ژوورێکی سیحریی وایە کە پڕە لە ئاوێنە، تۆ تاچەند پەی بە خەیاڵی زمان بەریت هێندە زیاتر دەتوانیت بێ ژمارە ڕووبەری جیاوازی ئاوێنەکان ببینیت.**

من پێموایە خەیاڵی ئینسان پڕە لە ئاوێنە، شیعریش مەملەکەتی ئاوێنەکانە، مەملەکەتی ئەو خەیاڵ و تەمەنا و پرسیارانەیە کە ئینسان لەتاو تەنهایی و شەیدایی خۆی لەڕێی ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکات و بیری پێدەکاتەوە بەدوای ئەو نهێنیانەدا دەگەڕێت کە لەپشتی ئینسان بوونی خۆیەوەیەتی.

**ئاشنابوونی من بە دنیای عیرفان و تەسەوف لە باوەڕبوونمەوە نییە بە تەنها حەقیقەتێک**، بەڵکە زیاتر لەم قۆناغە شیعریەی کە ئێستا پێی دەنووسم و پێشدەچێت ئیدی وەک ئەزموونێک لە دوای خۆمەوە

ووردە ووردە بەجێبهێڵم و شێوازێکی نوێتر بدۆزمەوە بۆ نووسین، تەنها بۆ ئەوەبووە لەوێوە خۆم جارێکی تر بە دنیا بناسێنمەوە و بەدوای خۆمدا بگەڕێم. من پێموانییە لە توانای هیچ کەسێکدا هەبێت خەیاڵ و بیرکردنەوەی شاعیرێک پێناسەبکات، گەربیشیکات ئەوا پێناسەیەکی هەمیشەیی و کامڵ نابێت. چونکە شیعر بۆخۆی کاری پێناسەکردنی دنیا و شتەکان نییە، بەڵکە کاری هەڵوەشاندنەوە و تیکشکانی پێناسەکانە، هەر ئەمەشە کە وا لە شیعر دەکات وەک جەوهەرێکی زمان هەمیشە زیندووبێت. لای من پێناسەی ژیان و بوون لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ناشکرێت تۆ من لەناو تەنها بۆچونێکدا قەتیسبکەیت، چۆن ژیان پڕە لە قۆناغی هەمەجۆر و لەیەکنەچوو، هەر ئاواش قۆناغی شیعری زۆرینەی شاعیران پڕە لەو هەمەڕەنگییە، چونکە تۆ ناتوانیت تەنها لە دیوێکەوە ئینسان و ژیان بناسیت و ئەزموونی بکەیت، بۆ ئەوەی زۆرترین دیوە نادیار و سەیرەکانی ئینسان و ژیان بناسیت دەبێت بێ ژمارە ئەزمونی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز و دیدگای جیاواز تاقیبکەیتەوە، چونکە ژیان ڕۆیشتن نییە بەتەنها ڕێگایەکدا، بەڵکە ڕۆیشتن و تاقیکردنەوەی سەدان و هەزاران ڕێگای لەیەکنەچووی ترە، ئەوەی بە تەنها ڕێگایەکدا دەڕوات و ڕازییە، کەسێکە دەستبەرداربووە لە بەشێکی زۆری ئازادی خۆی، چونکە ئەستەمە تۆ لە دیوێکەوە هەموو دنیا و هەموو ژیان و ئینسانەکان بخوێنیتەوە و کەچی هەست بە تەواوی ئازادیش بکەیت. دۆزینەوەی ئازادی شاعیر دۆزینەوەی هەمەجۆری و لەیەکنەچوویی ماناکان و تێڕوانینەکانە بۆ ژیان.

**من پێموایە کە شاعیران دەبێ سیفەتی ئاویان هەبێت، خۆیان بگۆڕنە سەر بوونێک کە بتوانن بەشداری لە هەموو بوونەکانی تردا بکەن بۆ ئەوەی فریای ئەوە بکەون لەم سەفەرە کورتەی ژیاندا زۆرترین تێگەیشتن و زۆرترین سەرسوڕمان بژین**، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا هەست بکەن تا سنووری تواناکانی خۆیان توانیویانە لە ڕێگەی زمانەوە سەرلەنوێ دنیایان بەچەشنی جیاواز شیعراندۆتەوە، کە زەبرەکانی ژیانی ئاسای نەیتوانیوە وردووهاژیان بکات و ئەوانیش تەسلیم بکات بەو مەرجانەی کە ئازادییەکان لە ئینسان زەوتدەکات.

من پێموایە ئەو کاتەی کە شاعیرێک تەسلیم بە حەقیقەتێک دەبێت، لەو کاتەوە ئیتر پرۆسەی بەکۆیلەکردنی خەیاڵی شیعریی خۆی دادەڕێژێت و حەقیقەتەکانی تری دەرەوەی خۆی دەخاتە ناو خانەی دژەوە. چونکە شاعیر تەنها کاتێک دەتوانێت لەسەر حەقیقەتێک ئیشبکات کە هەمیشە گومانی لەو حەقیقەتە هەبێت و پرسیاری لیبکات، من پێموایە **شاعیر بۆیە شیعر دەنووسێت بۆ ئەوەی بڵێت من دەتوانم ئینسانێکی ئازابم، هەر ئەم بیرکردنەوە قوڵەیە لە ئازادیی کە شاعیر و شیعریش دروستدەکات**، ناکرێت منی شاعیر هەمیشە بەو پێناسە شیعرییەی کە تۆی خوێنەر بۆ منی دەکەیت ڕازیبم، کەگوایە من شاعیرێکم تەنها سەر بە دنیای عیرفان و تەسەوفم. ڕاستە من قۆناغێکی شیعریم کارکردنە لەو دنیایەدا، بەڵام بە دیدی تایبەت بە خۆم و بەخەیاڵی دنیای شیعریی خۆمەوە، بەدەر لە یاساو ڕێسا دینییەکانی تەسەوف خۆی.

**من هەمیشە شاعیری خۆمم، لەشیعریشدا هەمیشە باسی خۆم دەکەم، باسی ئەو ئینسانە دەکەم کە خۆمم، هەرگیز من نەمتوانیوە لە شیعرێکدا لە دەرەوەی خۆم باسی شتی تر بکەم**، چونکە هەستدەکەم من تا ئەو کاتە هەم کە لە ژیاندام و دەتوانم بیربکەمەوە و خەیاڵم هەبێت، دوای خۆم وەک جەستە ئیتر شیعرەکانم هەن، کە ئەوانیش ئەو دیوانەن کە تۆ وەک خوێنەرێک دەتەوێت سەیری منیان لێوە بکەیت، کە

ڕەنگیشە من خۆم زۆر لەو دیوانەم نەبینیبێت یان درکم پێنەکردبن. دواتر ئیتر ئەوە خوێنەرە کە شاعیر چەندان جاری تر لە ڕێی خوێندنەوە جیاوازەکانی خۆیەوە بۆ شیعرەکانی وێنادەکاتەوە.
شیعر لەناو کایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا کایەیەکە بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەوانی تر نزیکترە لە شاعیر خۆیەوە. بۆیە گەر **"من" وەک ڕاناو و وەک مانا و بیرکردنەوە و جەوهەر لەشیعری مندا دەربهێنیت هەموو پایەکانی بەسەریەکدا دەڕوخێن.**
ئەو ڕۆژەشی کە بێزاربووم لەباسکردنی خۆم، هەوڵدەدەم لەکایەیەکی تری ئەدەبیدا بنووسم تا بتوانم باسی تۆ بکەم و لێتەوە نزیکبمەوە. دیارە من مەبەستم ئەوەنییە کە بڵێم منی شیعری نابێت بە تۆی ڕاڤەکەر و خوێنەر، نەخێر قسەی من لێرەدا ئاستی پیشاندانی دوور و نزیکی شاعیرە لە خۆیەوە کە زیاتر لە شیعردا بەرجەستەدەبێت بەراورد بە کایەکانی تری ئەدەبی.
**هەمیشە شیعر بۆ من ئەو ئاگرە سیحرییەیە کە لەژێر بەخۆڵەمێشبوونی خۆمەوە نووستووە، هەرچ کاتێکیش ئاگرم تێبەربۆوە ئیدی دەستدەکەمەوە بە باسکردنی خۆم و دنیا و شیعر دەنووسم.** پێشموایە گەر من ئەم نهێنیەم لە ڕێگەی شیعرنووسینەوە نەدۆزیایەتەوە ڕەنگبوو هەرگیز نەمتوانیایە ببم بە شاعیر و ڕەنگیش بوو نەمتوانیایە دواتر لەکایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا بنووسم.

**زمناکۆ بورهان قانع: ئەمە تەنها قسەی من نییە و نووسەران و خوێنەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە تۆ زیاتر وەک شاعیرێک ناسراویت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی من ئاگادارېم پێموایە لەچەند کایەیەکی تردا بەهەمان ئەو عەشقەی کە بۆ شیعر هەتبووە لەنێو ئەو کایە جیاوازانەشدا هەر کەسێکی ئەکتیڤ بوویت.. ئیتر لە بواری ڕۆمانووسینەوە بیگرە تادەگات بە نووسینی سەفەرنامە و هونەری فۆتۆگراف و ئەدەبی نامە (لەگەڵ سەحەر ڕەسایی هاوڕێ و هاوسەرتا...). پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایە پێتوایە کە هەموو نووسەرێک دەبێت لە دەرگای چەند کایەیەکی نووسین بدات و ئیش لە کۆمەڵێک کایەی ئەدەبیدا بکات؟ یان تەنها ئەوە ئیشی نووسەرە جدیەکانە؟ بیرمان نەچێت بەختیار عەلی کۆدێتایەکی جوانی کردووە بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیدا.. لێرەوە تۆش دەکرێت لەسەر ئەزموونەکەی خۆت بدوێیت..**

**هیوا قادر:** من ناتوانم نەخش بۆ هیچ شاعیر و نووسەرێکی تر دابنێم، ناشتوانم بڵێم ئەوەی لەچەند کایەیەکدا توانی کاربکات و بنووسێت، ئیدی نووسەرێکی جدییە، هەرگیز ئەوە قسەی من نییە.
خۆت دەزانیت نووسین کارێکی زۆر خۆییە، من پێموایە هیچ کارێک بەبێ خەون و تەمەنا ناتوانێت بەردەوام بێت، ئەم فرە کارکردنەش پەیوەندی بە سنوورەکانی خەونی نووسەرەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە کەنالیزەکردنی ئەو هەموو ئاڵۆزیانەی ئینسانیشەوە هەیە کە نووسەر دواتر دەیانگوێزێتەوە بۆ ناو پرۆسەی نووسین، هەموو ئەم فرە کارییەش بۆ ئەوەیە نووسەر بتوانێت سەفەری جۆراوجۆری خۆی لەناو ژیان و زماندا درێژەپێبدات.
ئەم هەمەکارییە پەیوەندی بە تەماح و هەوڵدان و داگیرکردنی نووسەرەوە هەیە بۆ دنیا، هەورەها پەیوەندی بەو کونبینی و گوزارشتکردنە جیاوازانەشەوە هەیە کە نووسەر لە کایە لەیەکنەچوو جیاوازەکانی ئەدەبدا دەیانکات، چونکە هەر کایەیەکی ئەدەبی بۆ من چێژێکی جیاواز و تایبەتی خۆی هەیە کە هیچیان لەوی تریان ناچن، کارە ئەدەبییەکانیش وەک جیاوازی هاورێکان و دۆستەکان و خۆشەویستەکان وان، بەڵام بە کۆ دەبنە ئەزموونی نووسەر لە نووسین و ژیانیدا.

ڕاسته من به شیعر دەستمپێکرد و ئێشتاش لەپاڵ هەوڵدانم بۆ نووسین لە کایەکانی تردا هەر شیعر دەنووسم، من هەمیشە پێش هەرشت شاعیرم، وەک شاعیرێک ئەدەبی نامە و ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان وتار دەنووسم، وەک شاعیریکیش کاری فۆتۆگراف و وەرگێڕان دەکەم. وەک شاعیرێکی هەمیشە شەیداش ڕۆژانە چەند سەعاتیک گوێ لە مۆسیقا دەگرم، پیاسەدەکەم، سەمادەکەم، دەگریم، سەیری فلم دەکەم، توڕەدەبم و دەقیژێنم و تاریک دەبم و خەم داگیرمدەکات. ئەمانە هەموویان منن. ئینسان کە هەوڵیدا دیوە جیاوازەکانی خۆی بناسێت ئەوکاتیش هەوڵدەدات لەچەند ڕوویەکی جیاوازەوە گوزارشت لە خۆی بکات، ڕەنگە ئەمە هۆکارێکبێت بۆ ویستی من بۆئەوەی لەچەند کایەیەکدا کاربکەم، هەموو ئەم شەڕانەی من و هەوڵدانەکانم ڕەنگە ترسێکی گەورەشبن لە ونبوون و دیارنەمان، من زۆر لە مردن دەترسم، هەموو ساتیک بیری لێدەکەمەوە، بیرکردنەوە لە مردن وەڕسی کردووم، دیارە دەزانم دەبێت بمرم، بەلام بۆ؟ من ناتوانم بە هیچ لۆژیک و وەڵامێک ڕازییم لەبەردەم مردندا. **من هەرگیز مردن بەهەق نازانم، ڕەنگە هۆی ئەوەشبێت کە دەمەوێت هەمیشە عاشقبم، چونکە هەستدەکەم ئینسان تەنها بە عەشق دەتوانێ لە مردن بباتەوە.**

من شاعیرم، بۆیە ناتوانم هەمیشە قایلبم بەو لۆژیکە عەقڵی و دینی و زانستیانەی کە بۆ مەرگی ئینسان دەکرێت. هەروەها دەزانم کە هیچ شتێک ئەبەدی نییە، شوێن هیچ کات وەک خۆی نامێنێتەوە، تەنها یادوەرییە کە بۆ ماوەیەکی زەمەنی شوێن و ئینسانەکان لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و دواتر ئەویش کۆتای پێدێت.

لێرەوە ترسی من لە مەرگ ترسی فەوتانی یادوەرییە، ئەو کاتەی یادوەری نەما ئەوکات مەرگ بە تەواوەتی بەسەر ئینساندا سەرکەوتوو دەبێت، من لە ڕێگەی شیعرەوە هەستدەکەم بەپێی قەبارەی خۆم ئەو یادوەرییە دژ بە مەرگ دروستدەکەم کە باس لە ژیان و ئینسان دەکات، دەبینیت هەموو هونەرەکان و کایەکانی ئەدەب لەشەڕێکدان دژ بە مەرگ، شەڕێک کە تا ئینسان بمێنێت بەردەوام دەبێت.

بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبینیت دیین ئەم شەڕە ناکات چونکە دیین مەرگی ئینسان بە هەقێکی خودایی دەزانێت لەبەرئەوەی هەڵگری مژدەی دوای مەرگیشە،

من پێموایە بوونی مەرگ لەپشتی دروستبوونی هەموو دینەکانەوەیە، چونکە گەر ترسی مەرگ نەبوایە ڕەنگە دینەکانیش نەبوونایە، لێرەوە دین دەیەوێت وەک یادوەرییەکی هەمیشەیی و دیفاعکەرێکی گەورە لە مەرگی ئینسان لە نێوان خۆی و خودادا بمێنێتەوە و هەڵگری ئەو مژدانەبێت کە ترسی مەرگ لای ئینسانەکان کەم دەکاتەوە یاخود هەر نایهێڵێت.

بەڵام هونەرەکانی ئینسان خاوەنی ئەم مژدانە نین، بەڵکە خاوەنی لەزەتی تێگەیشتن و گەیشتن بە نهێنی جوانین، نەک مژدەیەکی هەتاهەتایی. خاوەنی ئەو پرسیارە ئەزەلیانەن کە هیزی ئینسان لەتەیکردنی گەڕان بەدوای جوانی و خۆشبەختیدا پیشان دەدەن.

ڕەنگە هۆی ئەم هەموو پەلکیشانی خەیاڵاتانەی خۆم بێت لە بوون و لە ئینسان کە وایان لێکردبم هەوڵبدەم لە زۆر کایەی ئەدەبیدا بنووسم، هەوڵبدەم زۆرترین یادوەری لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە دروستبکەم بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر ببینم و زیاتریش دژ بە مەرگ بجەنگم، ڕەنگە واش نەبێت نازانم! زەحمەتە بۆ من پەی بەم ئاڵۆزیانە بەرم و وەڵامێکی کۆنکرێتی تۆ بدەمەوە. ئاخر خۆ هەر ئەم پرسیار

و سەرسوڕمانانەشە واملێدەکات کە بەردەوام لە فکری نووسینی جۆربەجۆردابم بۆ ئەوەی بتوانم پەی بەزۆرترین ئەو نهێنیانە بەرم و لەڕێی دروستکردنی ئەو یادوەرییانەوە لەگەڵ مەرگی خۆمدا بجەنگم.

**زمناکۆ بورهان قانع: ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە شاعیرێک یان ڕۆمانووسێک یاخود ڕۆشنبیرێکی کورد ئیفلیج دەکات لە خەونی بوون بە نووسەرێکی جیهانی؟ پێدەچێت هەندێک لەو فاکتەرانە زمان و جوگرافیابن.. ئەگەرچی گومان لەوەدانییە کە نوسەرانی کورد بۆ خۆیان دیوارێکی کۆنکرێتی ئەستوور لە چوارچێوەی خۆیان دروستدەکەن و بەشدارن لەو دۆخە کەمخوێنییە مەعریفییەدا کە تێوەی گلاون..**

**هیوا قادر:** من پێموایە ڕێگر زۆرن لەبەردەم نەتوانینی ئەدەبی کوردیی و نووسەری کورد دا بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی جیهانی.
با سەرەتا بێینە سەر فاکتەرە ئاشکراو دیارەکان. پێش هەرشت زمانی کوردی لە ڕووی سیاسی و جوگرافیاوە زمانێکی ئازاد نییە، واتا زمانێکی کراوە نییە لەبەردەم دنیادا، بەڵکە زمانێکە کە تائێستاش دەسەڵاتێکی سیاسی گەورەی نەبووە کە توانیبێتی لە زۆر ڕووەوە ئەم زمانە بە دنیا بناسێنێت، بۆ نموونە ئەم زمانە خاوەنی دەستەواژەی بازاڕ و تەکنەلۆژیا و فکر نییە، هەروەها زمانیک نییە هەڵگری قورساییەکی کلتووریی و مەعریفی وابێت کە وەک مەرجەع بۆی بگەڕێیتەوە. یاخود زمانێک بێت بێ گوناە و حەرامکردن لەبەردەم هەموو وتراوێکدا ئازا و جەسوربێت. هەرەوەها تا ئێستاش ئەم زمانە خاوەنی زمانیکی ستانداردی یەکگرتوو نییە و بە هەردوو پیتی عەرەبی و لاتینی دەنووسرێت.
زمانێکە میللەتێکی ژێر دەستە قسەی پێدەکات و بیری پێدەکاتەوە کە زۆرینەی قسەکردنێکی زارەکییە نەک قسەکردن و بیرکردنەوەیەکی نووسراو واتا تێکست، زمانێک نییە خاوەنی دینێکی جیهانی بێت وەک زمانی عەرەبی کە دینی ئیسلامی پێ نووسراوەتەوە، هەروەها زمانێک نییە کە خاوەنی دەیان و سەدان ناونیشانی نووسراوی کۆنبێت، ئەمانە و دەیان نموونەی تر کە من لێرەدا فریای باسکردنیان ناکەوم.
ئەم زمانەی کە نووسەری کورد پێێ دەنووسێت، شانسی گەیشتنی بە دنیا لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر کەمترە، دیارە ئەمەش ئەوەندەی تر دەیخاتە پشتی ئەو ئەگەری دەرکەوتنەوەی کە ڕەنگبێت بۆ ئەو سێ زمانەی تر ئاسانتربێت کە بتوانن لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی و کلتورییانەوە خۆیان بخەنە ناو ئەو کێبەرکێ گەورەیەی بازاڕی کتێبی جیهانییەوە.
دیارە دەسەڵاتدارەکانی ناو بازاڕی کتێبی جیهانی ئەو ڕەخنەگر و دەزگا کلتوری و چاپخانە و میدیایانەن کە لەڕێی ئەوانەوە بەرهەمەکانی نووسەرانی دنیا دەناسرێن و بڵاودەبنەوە. تۆ لە دنیای کوردیدا نە خاوەنی دەزگای کلتوری وایت، نە خاوەنی میدیایەکی کلتورناس و عاقڵیت، نەخاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیت کە ئەدەبیات و کلتوور بە هەرە گرنگترین پلەی شانازییەکانی شوناسی خۆی بزانێت، هەروەها بوونی زمان وەک بوونی نەتەوە دابنێت، ئەمانە و دەیان هۆکاری خەمهێنەری تر.
ئەمە نیشانەی ئەوەش نییە گەر هاتوو ئێمە ئەم هۆکارانەمان نەهێشت ئیتر خێرا ئەدەبیاتی کوردی بتوانێت بچێتە ناو ئەو بازاڕەی دنیاوە، نەخێر ئەمە تەنها بەشێکی ڕووالەتیانەی کێشەکەیە و پێموایە پێویستی بە پرۆسەیەکی دوورودرێژ و کارکردنێکی زۆر هەیە، دواتر تۆ کێشەیەکی گەورەترت هەیە

ئەویش کەمی و نەبوونی بەرهەمی داهێنەرانەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بەرهەمێک کە هەڵگری قورساییەکی کلتوریی موتربەکراو بە فکری دنیا بێت، بۆ ئەوەی خوێنەرێک لەدەرەوەی دنیای کوردییەوە بە ئاسانی بتوانێت تیبگات و چێژ لە خوێندنەوەی ببینێت. سەرباری هەموو ئەمانەش تا ئێستا ئێمە هیچ پرۆژەیەکی جدی و خۆڕاگرمان نییە بۆ وەرگێرانی بەشێک لەو بەرهەمانە، کە ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەن. گەر ئەم کارانە کرا ئەو کات ئەو کەسانەشی کە دەڵێن ئەدەبی کوردی هیچی کەم نییە لە ئەدەبی دنیا وەڵامی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرنەوە و لە ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونانەیان دەگەن. کە تۆ دەڵێ ئەدەبی کوردی هیچی کەم نییە لە ئەدەبی دنیا، مەبەستت لە ئەدەبی چ میللەتێکە؟ گەر مەبەستت ئەدەبی ئەورووپابێت، ئەوا ئەمەیان ڕاست نییە، گەر مەبەستت لە ئەدەبی میللەتانی وەک تورک و فارس و عەرەببێت ئەمەشیان تاڕادەیەک هەر ڕاست نییە، چونکە هەرکام لەو سێ میللەتە لە ئەورووپادا بە ملیۆنان دۆلار ساڵانە لەڕێگای دەزگای بڵاوکردنەوەی تایبەتەوە سەرفدەکەن بۆ ئەوەی شانسی ئەوەیان هەبێت ئەدەبی خۆیان بخەنە ناو بازاڕی ئەدەبیاتی ئەورووپاوە و ببنە لایەنێک لەبەردەم ئەو کێبەرکێ گەورەیەی کە لە بازاڕی کتێبدا هەیە. وە نووسەرانی سەر بەو سێ زمانە ساڵانە دەیان ڕۆمان و نووسراوی داهێنەرانەیان وەردەگێڕێتە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا، کەچی هێشتاش بەتەواوەتی ناتوانن بچنە ناو ئەو کێبەرکێیەوەی کە ناوی بازاڕی کتێب و ئەدەبی جیهانییە، ئیتر تۆیەک کە هیچ کام لەو هەوڵانەت نییە چۆن وا دەڵێیت.

هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی پێش هەرشت وێنەیەک بەرایی ئەدەبی دنیات لەبەردەمدا دروستبێت تۆ دەبێت لە وڵاتدا خاوەنی هەزاران ناونیشانی کتێبی وەرگێراوی باوەڕپێکراوبیت لە زمانی عەسڵی ئەو میللەتانەوەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە بەرهەمی ئەدەبی و فکری مرۆڤایەتی دادەنرێن. بۆ ئەوەی بزانیت لە دەرەوەی دنیای کوردییەوە چی هەیە، چونکە بەڕاستی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی دنیا بۆ زمانی کوردی یەکێکە لەهەرە هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ناساندنی ئەدەبی دنیا و بەراوردکردنی بە ئەدەبی کوردیی.

**یەکێک لە هەرە فاکتەرە جدی و گرنگەکانی تر کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم ناساندنی ئەدەبی کوردی بە دنیا ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکە ئینسانی تێدا نییە، لە کاتێکدا ئەدەب بەرهەمێکی ئینسانییە و تەنهاش هەر بۆ ئینسان دەنووسرێت.**

زۆرینەی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی پابەندە بە مەرجی مێژووی و سیاسی تایبەتەوە و پڕە لە پرسیاری هەنووکەیی ئەو سەروەختانە، ئەو سەروەختانەی کە ئەدەب ئینسانی داتاشیوە بۆ ئینسانێکی خاوەن پەیامی شیعارپەروەر و ئایدۆلۆژیست، ئەدەبێک کە جگە لە پەخشانهۆنینەوە و هەندێک پەیامی سیاسی هەژارانە شتێکی تری بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا بەجێنەهێشتووە.

ئەوەی شیعری نالی و مەحوی و هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی تا ئێستا هێشتوتەوە باسکردنی ئینسان و پرسیارە وجودییەکانە لای ئەو شاعیرانە، کە خوێندنەوەیان لەدەرەوەی زەمەنی بە سیاسی کراوەوەیە، گەر تۆ بتەوێت خوێنەرێک لە کیشوەریکی تر و لەناو میللەتیکی دوورەدەستی تردا بتخوێنێتەوە، دەبێت بەچەشنێک باسی ئینسان بکەیت کە ئەو خۆیی تێدا ببینێتەوە، دەنا تۆ ناتوانیت ئەو خوێنەرە ببەیتەوە، بەداخەوە هەرە بەشی زۆری ئەدەبی کوردی لە ئینسان بەدەرە بۆیە ناتوانیت بە دنیای بناسێنیت، **وەک چۆن هیچ دینێک ناتوانێت بێ خودا بژی، ئاواش هیچ ئەدەبێک ناتوانێت بێ**

**ئینسان بژی**. ئەدەبی داهێنەرانە ئەو ئەدەبەیە کە ئینسان تێیدا لە چەقدا وەستاوە، پرسیارە وجودییەکانی هەمان پرسیاری ئینسانەکانی ترە لە هەرچ کوێیەکی دنیادا بژی. نەبوونی ئینسان لە ئەدەبی کوردیدا گەورەترین کێشەیە کە ناتوانێت لە بەردەم ئەدەبیاتی دنیادا خۆی بناسێنێت. بۆ ئەوەی تۆ لە ئەدەبدا باس لە ئینسان بکەیت، دەبێت لەهەوڵی ناسینی ئینساندا بیت، ئەمەش بە هۆشیارییەکی گەورە و ڕۆشنبیرییەکی فراوانەوە دەکرێت، تۆ تا چەندە ئاستی هۆشیاریت بەرزتربێت هێندە زیاتر دەتوانیت لە ئینسان نزیکتربیتەوە، وە پێچەوانەکەشی دیارە کە دوورکەوتنەوەیە لە ئینسان.
بۆ نموونە ئەوەی ئەدەبی شێرزاد حەسەنی لەناو ئەو قیژە قیژ و پەیامانەی ئەدەبیاتی هەفتاکان و هەشتاکاندا بەزیندوێتی هێشتەوە باسکردنی شێرزاد بوو لە بەهای ئینسانی کورد وەک ئینسان، دیارە لە ئەدەبی ئەو نووسەرانەی تریشدا ئێمە هەبووین، بەڵام ئینسان نەبووین، بەڵکە وێنەی کەسێکی ئایدۆلۆژیست و گەشبین و پاڵەوان بووین، کە لەڕاستیدا وانەبووین، چونکە ئێمە ئەو سەروەختە هەمووگیانمان شکست و نەهامەتی بوو.
من نمونەیەکی ترت بۆ دێنمەوە، بۆ نمونە لەو نووسەرە کوردانەی کە زۆرینەی بەرهەمی شیعریی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەوروپی، ڕەنگە شێرکۆ بێکەس بێت، شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ئێمە، کاتێک خوێنەرێکی ئەوروپی شێرکۆ بێکەس دەخوێنێتەوە وەک خوێنەرێکی کورد لەزەتی لێنابینێت، ئەو خوێنەرە تەنها ئەو شیعرانەی دەخوێنێتەوە کە پرسیاری ئینسانی تێدایە، واتا ئینسانی تێدایە، کە ڕەنگە لای زۆرینەی خوێنەری کورد بە پێچەوانەوەبێت، ئەمەش جیاوازی هۆکاری تێڕوانینی نووسەر و خوێنەرە بۆ ئەدەب، دیارە هەر ئەم تێڕوانینە جیاوازەش ئاستی جیاوازی و دوور و نزیکی ئێمە دەستنیشاندەکات بۆ بەهای ئینسانبوون لە ئەدەبدا.
پرسیار لەوەدایە کە تۆ چۆن باسی ئینسان دەکەیت لە ئەدەبدا؟ ئەمە ئەو پرسیارە جەوهەرییەیە کە ئەدەبی زیندوو لە ئەدەبی بازاڕی و ڕۆژانە جیادەکاتەوە.
هەروەها کێشەیەکی گەورەی تر هەیە لەلای ئێمە کە پێویستە باسبکرێت ئەویش بەهای پیرۆزیدانە بە دەقی نووسراو، واتا دەبێت تێکستی نووسراو شیاوبێت و لە ڕووی ئەخلاقییەوە تێکدەرنەبێت دەنا نابێت بخوێنرێتەوە، ئەمەش تەنها لەبەر ترسی باسنەکردنی ئەو هەموو تابۆ و حەرامانەیە لە ناو ئەدەبێکی بە تێکستکرا و نووسراودا، ئەم زمانە کە خاوەنی ئەم هەموو حەرامکردنەبێت چۆن دەتوانێت ئەدەبێکی پێبنووسرێتەوە کە خوێنەرانی دنیا بەبێ هەستکردن بە چەپاندن و پچوککردنەوەی ئینسان بتوانن بیخوێننەوە، ئەم زمانە داخراوە کە زمانی کوردییە، دەبێت وەک ژیان کراوەبێت، دەنا ناتوانرێت وەک ئینسانێکی کراوە بیری پێبکەیتەوە و پێی بنووسیت. زمان وەک ئینسان وایە پێویستی بە هەمان ئازادیی هەیە بۆ ئەوەی بژی و گوزارشتبکات لە هەموو شتێکی نەوتراو پێش شتە وتراوەکان. چونکە لەبەردەمی ئەدەب و پرسیارە وجودییەکانیدا هیچ شتێک هێندە پیرۆزنییە کە شایستەی ڕەخنەلێگرتن و قسەلەسەرکردن نەبیت.
دیارە من لێرەدا ناتوانم دەستبخەمە سەر هەموو ئەو شکست و هۆکارانەی کە وادەکەن ئەدەبی کوردی نەتوانێت وەک ئەدەبێکی جیهانی خۆی بە خوێنەرانی دنیا بناسێنێت، ئەم فاکتەرانەی کە منیش لێرەدا باسمکردن هەندێک فاکتەری ئاشکراو دیارن، کە لەپشتی هەموو ئەمانەشەوە دەیان خوێندنەوە و بیروڕای جیاوازی تر هەن.

**زمناکۆ بورهان قانع: ئاشکرایە کە هەر شاعیرێک لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک کارەسات و ڕووداودا شیعر دەنووسێت و بەردەوام خودی شیعریش بەشدارە لە وەزیفەی ئارەمبەخشین بە هزری شاعیر، لەپاڵ هەموو ئەمەندا شیعر تا ئێستا سەدان تەعریفی لە خۆگرتووە و هەر شاعیرێک بەپێی ئەزموونی خۆی ئەو ڕووداوانەی نێو ژیانی کە دەبنە هۆی نووسینی شیعرەکە پێناسەی شیعرەکە دەکەن، لێرەدا دەمەوێت بزانم کە لەژێر کاریگەری چ شتێکدا بیرۆکەی قەسیدەیەک لای تۆ لەدایک دەبێت و پێناسەی شیعر لای تۆ چییە؟ ئایا لە ڕێی شیعرەکانتەوە بەدەر لەو دونیا پڕ لەتەسەوف و حاڵەتە عیرفانییە دەتەوێت چ خیتابێک بگەیەنیت بە موتەلەقی؟**

**هیوا قادر:** پرسیارەکەی تۆ وایلێکردم بیر لەیەکەم نووسینی شیعری خۆم بکەمەوە، من منداڵێکی تا بڵێی موتەحەیربووم لەبەردەم هەموو شتێکدا، ئاسایی بوو من ڕۆژێکی دوور و درێژ دوای مێروولەیەک بکەوم بۆ ئەوەی تێبیگەم بزانم چیدەکات، **سەرسامبوونی بە هەموو شتەکانی دەوروبەرم لە قۆناغێکی منداڵیمدا تا ئەو ئاستە گەیشت کە دەتوت بەدەم خەوەوە دەڕۆم کاتێک خۆم دەدایە دەست خەیاڵاتەکانی خۆم و بۆ دوورترین شوێن دەڕۆیشتم**، من زۆر لەزەتم لەخەیاڵکردن و بەفەنتازیاکردنی دنیاوە دەبینی، دنیام سەرلەنوێ لە خەیاڵی بێگەرد و بێ گوناهی خۆمدا دروستدەکردەوە، لەدڵی خۆمدا بۆ ئەو گەورانە دەگریام کە تورەدەبوون و لەگەڵ یەکتریدا شەڕیان دەکرد، وەک پێغەمبەرێکی پچکۆلە کە دەسەڵاتی هیچی نییە خەیاڵی خۆی نەبێت دەمویست هەموو دنیا جوان بکەم، دەمویست هەمووشتێک هێمن و ڕێک و ئارامبێت، لە دڵی خۆمدا گەورەکانم لەگەڵ یەکتریدا ئاشتدەکردەوە، منداڵە وڕککگرتووەکانم دەخستەوە پیکەنین و یاریکردن. لەپی دەستی منداڵە دەم بەهەنسک و گرینۆکەکانم پڕدەکرد لە پارەی ووردە، گوڵم دەدایەوە لە یەخەی ژیان، دەمی مامۆستا جنێوفرۆشەکانم پڕدەکرد لە پێکەنین... بەڵام من لە ڕاستیدا نەمدەتوانی ئەو کارانەبکەم بەڵکە هەموو ئەوانە خەیاڵی خۆم بوون، لەودەمەوە ئیتر دڵ یەشانی من لە ژیان دەستی پێکرد، خۆشم منداڵێک بووم بێ ئەندازە دڵم ناسک بوو، بێ ئەندازە هەستمدەکرد پێویستم بە خۆشەویستی هەموانە.

لەو سەروەختەدا زۆر حەزم لە وێنەکێشان بوو، هەستمدەکرد تەنها وێنەکێشان لەزەتێکم دەداتێ کە لە هەموو یارییەکانی تر خۆشتربێت، زۆر سەرسامبووم بە ڕەنگەکان و تێکەڵکردنیان بە یەکتری، ئەم حەزکردنەم بە ڕەنگ وایلێکردم حەز لە گۆڤاری منداڵان بکەم، ڕۆژانەکەم پانزە فلس بوو دەمدا بە گۆڤارێکی منداڵان کە بە زمانی عەرەبی بوو ناوی (المجلتی) بوو، من عەرەبیم نەدەزانی، بەڵام خەیاڵم هاوکاریدەکردم تا لەڕێی وێنەکانەوە چیرۆکەکان سەرلەنوێ دروستبکەمەوە و تێیانبگەم. یەکەم نەخشی خۆشەویستیم بۆ کتێب و خوێندنەوە لێرەوە دەستپێیکرد، دواتر دەستمکرد بە لەبەرکردنی شیعری زۆرینەی شاعیرە کلاسیکییەکان، ڕەنگە سەدان دێڕم لە دڵی خۆمدا لەبەرکردبێت، ئەگەرچی لە زۆرینەشیان نەدەگەیشتم، بەڵام هەستمدەکرد مۆسیقایەکی تێدایە کە پڕە لە ڕەزمێکی دڵخۆشکەر. ئەم لەبەرکردنی شیعرانە وایانلێکردم منیش بیر لە نووسینی شیعر بکەمەوە. بەخۆم دەووت منیش بۆ وەک ئەوان شیعر نەنووسم ؟! ئەمە یەکەم پرسیاری من بوو لەئاست موتەحەیربوونمدا بەرامبەر بە شاعیرانی کلاسیکی، دواتر بە دزی و شەرمەوە چەندان دێڕم نووسی بەڵام وەک شیعرەکانی ئەوان جوان نەبوون، بۆیە شاردمنەوە و هەرگیز نەمهێشت کەس بیان بینێت. ناچار کەوتمە خوێندنەوەی شیعرەکانی ڕوانگە، شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتەیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێوم دەخوێندەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ

هەستکردن بە گوناهێکی زۆر کەوتمە هەڵبژاردنی چەندان دێڕ لە شیعری جوانی ئەو شاعیرانە. دواتر نیودێڕی شیعرەکانیانم بەیەکەوە نووساند و لە هەموو ئەو دێڕە جیاوازانە شیعرێکم دروستکرد، زۆر دڵم پێیخۆش بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەستم بە گوناهێکی گەورە دەکرد کە ئەو شیعرەی من دروستمکردبوو هی ئەوان بوو نەک هی من. خولیای حەزکردن بە نووسینی شیعرێک و بوون بە خاوەنی شیعرێک وازی لێ نەدەهێنام، چەندان جار تێکەڵکردنی ئەو دێڕ و وێنەی شیعریانەم دەهێنا و شیعرێکی ترم لێ دروستدەکردن، بەڵام هیچ کاتیک جورئەتی ئەوەم نەبوو پیشانی هیچ کەسێکی بدەم وپێی بڵێم کە شیعرێکم نووسییوە. تا ڕۆژێکیان هەواڵی شەهیدبوونی کورە مامێکم گەیشت و من بۆ یەکەمجار شیعرێکم نووسی کە هیچ دێڕێکی هی هیچ شاعیرێکی تر نەبوو، بۆ یەکەمجار بە کوڵ بۆ شیعرێکی خۆم گریام کە نوسیبووم. لەوێوە زیاد لە ماوەی سێ ساڵ من هەر بە دزییەوە دەمنووسی و پیشانی کەسم نەدەدا، تا ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار عاشقبووم و جورئەتی عەشق وای لێکردم شیعرەکانم پیشانی هاورێکانم بدەم. ئەمە سەرەتای نووسینی شیعری من بوو.

من ناتوانم هیچ تەعریفێک بۆ ئەم سەرەتایە دابنێم، بڵێم بۆچی شیعرم نووسی و دەستم لە وێنەکێشان و وەرزش و سیاسەت هەڵگرت و ئەدەب بوو بە جدیترین کاری من لە ژیاندا، بەداخەوە من وەڵامی ئەم پرسیارەم لەلانییە. ئەم نهێنییە زۆر لەو یادوەریانەش کۆنتر و پڕ تەلیسمترە کە ئێستا من لەبیرمن و بۆ تۆیان دەگێڕمەوە، ئەمانە هەمووی ئەو نهێنیانەن کە لە پشتی نووسینەوەن و ئینسان ناتوانێت دەست بخاتە سەر هەرە هۆکارە ڕاستەقینەکانیان. ڕەنگیشە بۆ ئەوە شیعرم نووسیبێت بۆ ئەوەی دنیا بەجوانی و بێگەردی ڕابگرم، نازانم....

لەڕاستیشدا ناتوانم کۆنکرێت پێتبڵێم لەژێر کاریگەری چ حاڵەتێکدا قەسیدەیەک لەلای من دروستدەبێت، جاری واهەیە شاعیر چەندان قەسیدە دەنووسێت بۆ ئەوەی بگات بە نووسینی قەسیدەیەکی کامڵ و تەواو، من لەم ڕۆژانەدا دوای چەند جار گوێگرتن لە قەسیدەی "ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدات" بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەوڵی من بۆ نووسینی ئەم قەسیدەیە لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا بوو، بەڵام ئەو کاتە نەمتوانی ئاوا کامڵ بینووسم، بەڵکە تەنها شیعرێکم نووسی کە باسی ئەوەم دەکرد "گەر بکوژرامایە چی ڕوویدەدا"، بەڵام دواتر دوای دوانزە ساڵ من ئەو شیعرەم بەکامڵی نووسییەوە، بۆیە هەندێک جار بیرۆکەی نووسینی شیعرێک لەگەڵ عومردا درێژدەبێتەوە تا کاتی نووسینی، هەروەها هەندێک جاریش بیرۆکەی خێراڕەوت و تیژپەڕدێت و دەبێتە هۆی نووسینی قەسیدە. هەندێ جاریش شاعیر خۆی دادەنیشێت و شیعرێک دەنووسێت کە دەیەوێت، ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بە باری ڕۆشنبیری و دەروونی شاعیرەکەوە هەیە.

بەڵام من لە ئەزموونی خۆمەوە فێری ئەوەبووم کە تا ئەزموونی شاعیر دەوڵەمەندتر و کامڵتربێت، زیاتر لەو ساتە خێراتێپەڕ و کورتخایەنانە دوردەکەوێتەوە و پرۆسەی نووسین دەگۆڕێتە سەر پرۆسەیەکی مەعریفی، من هەرگیز لەو جۆرە شاعیرانە نیم کە خێرا ڕووداوێک دەیان هەژێنێت و دەنووسن، هەر بۆیەشە بەرهەمی شیعری من لەچاو تەمەنی نووسینمدا بەژمارە کەمن. موستەحیلە بهێڵم تۆ وەک خوێنەر شیعرێکی من ببینیت ئەگەر خۆم سەد دەر سەد لێی ڕازینەبم.

من هەمیشە ئەو کاتانەی کە دەنووسم دڵم زۆر تەنگە، وەک ئەوەی نهێنییەکانی هەموو دنیا تۆڕێکی تەنک داپۆشیبێت و من بتوانم دیوی ئەو دیوی ئەو تۆڕە تەنکە ببینم، تا ئەو ڕادەیەی کە هەستدەکەم

توانای گرتن و بینینی نادیار و مەحاڵم هەیە، ئەوکاتانە کاتی نووسینی شیعری منن، ئەوکاتانەشی کە دەنووسم هەستدەکەم من لە هەموو مرۆڤاکانی سەر ئەم گۆی زەوی جیاوازترم، بۆیە هەست بەتەنیاییەکی غەریب و ترسناک دەکەم، من پێشوەخت دەزانم کە دەبێ بنووسم، بۆیە لەم ساتانەدا پێویستم بە تەنهایی و بێدەنگی و مۆسیقا هەیە، هەرگیز نامەوێت لە ساتی نووسیندا کەس بمبینێت، وەک "ئامۆس ئۆز" دەڵێت: نووسین لەلای من وەک مومارەسەکردنی سێکس وایە کە پیویستی بە فەنتازیایەک هەیە کە تەنها هی ئەو ساتەیە. دیارە قۆناغەکانی نووسین لای هەر نووسەرێک جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە، وە هەر قۆناغێکیش هەڵگری کۆمەڵێک مانا و پێناسەی جیایە بۆ ئەدەب و دنیا و ئینسان.
خۆشەویستی من بۆ ئینسان، وای لە شیعری من کردووە کە زیاتر لە شیعری تەسەوفەوە نزیکبێت، من "متەسەوفیکی بێ خودام" گەر بکرێت وابڵێم، چونکە خودای من ئینسانە. من زۆر گرنگییەکی تایبەت بە شتە ووردەکان دەدەم، چونکە هەستدەکەم **گرنگیدان بە شتە وورد و نادیارەکان لە ئەدەبدا زیاتر ئەدەب دەبەنەوە باوەشی ژیان**، بۆیە هەمیشە من دەمەوێت باوەش بە ژیاندا بکەمەوە. تەسەوف لای من پردێک نییە بۆ گەیشتن بە خودا، بەڵکە پردێکە بۆ گەیشتن بە ئینسان، بەو هەموو شتە ووردانەی کە لەدەوروبەری ئینسانن و بەهای جوانی بە ژیانی ئینسان دەدەن.
من خاوەنی هیچ پەیامێک نیم، نووسین لای من پەیام نییە، چونکە کردنی نووسین بە پەیام واتا بەپیرۆزکردنی نووسین، واتا دەستنیشانکردنی جوانی و ناشیرینی، واتا بە ئایدۆلۆژیکردنی ئەدەب، کە دواتر لەڕێگەی ئەم بە پەیامکردنەوە ئەو ئینسانانەی تری پێ زەلیلدەکرێت کە باوەڕیان بەو پەیامە نییە.
ئەدەب هەمیشە سەرسوڕمانی ئینسانە لە بوون، پرسیاری تەنهایی خۆیەتی لە ژیاندا، گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارانەدا کە بوونی ئینسان لە ژیاندا دەستنیشاندەکەن، سەرهەڵبڕینی ئینسانە لەبەرامبەر هەموو ئەو نهێنیانەی وجودا بۆ ئەوەی لەوێوە ئینسان بچێتەوە ناو چەقی ئەو پیرۆزیانەی کە ئینسانی تێدا دەرکراوە، چونکە هیچ شتێک لە ئینسان پیرۆزترنییە لە ژیاندا، پیرۆزی ئینسان لەسەروو پیرۆزی هەموو پیرۆزییەکانی ترەوەیە.